ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

No: ژمارە: ١٨

Data: ڕۆژ: ٢٠١٥/٦/٣٠

## بڕیاری ژمارە (١٨) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی سیانزدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٣٠دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بەئامادەبونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٩) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٨) ئەندام، تایبەت بە ئەنجامی بەدواداچوونی شێوازی دابەشکردنی ناوچەی پیشەسازیی و تەرخانکردنی زەوی نیشتەجێبون و زیادەڕەوی بۆ سەر موڵکی گشتیی و باخچەکان لە سنوری شارەوانیی هەڵەبجەدا کە بەفەرمانی ژمارە (٢٨٣) لە ٢٠١٥/٤/١٩ی ئەنجومەنمان پێکهێنرابوو.

دوای تەواوبوونی هەموو ڕێکارە یاساییەکانی بەدواداچوونی ئەم کەیسە لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییەوە لە هەردوو دانیشتنی ڕۆژانی ٢٠١٥/٥/٢٦ و ٢٠١٥/٦/٩ی کۆبوونەوەی دوانزدەیەمی ئەنجومەن، پشتبەستن بە مادەکانی (٥)، (٦) بڕگەکانی (٢، ٨، ١١) (١٢ و خاڵەکانی ١٣، ١٤)، مادەی (٩) بڕگەکانی (١١، ١٢)، مادەی (١٥) بڕگەی (٣)، مادەی (٣٢)، مادەی (٣٥) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، مادەی (١٨) بڕگەی (١٨ خاڵی ٢) بڕگەی (٢٠)، مادەی(١١)بڕگەی (١) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەنجومەن بڕیاریدا بە:

(بەهۆی خەمساردیی یان کەمتەرخەمیی نواندن بە ئەنقەست لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەی)، وەک لە مادەی (٦) بڕگەی (٢) خاڵی (١/ج)ی یاسای یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩دا هاتووە:

١. لە ڕووی ئیدارییەوە: داوا لە بەڕێز وەزارەتی شارەوانیی بکرێت بە دەرکردنی فەرمانی دەستپێلەکارکێشانەوەی بەڕێز (خدر کەریم محەمەد) سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە لە پۆستەکەی، لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە. تا ئەو کاتەی بەپێی مادەی (٣٥)ی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، ئەنجومەنی شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا پێکدەهێنرێنەوە، وەزارەتی شارەوانی بەهەماهەنگیی لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجەدا سەرۆکێکی نوێ بۆ شارەوانیی هەڵەبجە دیاریبکات.

٢. لە ڕووی یاساییەوە: ئەم دۆسیەیە ڕەوانەی بەڕێز دەستەی گشتیی دەستپاکیی لە هەرێمی کوردستاندا دەکرێت بۆ گرتنەبەری ڕێکارە یاساییەکان، وێنەیەکیش پێشکەش بەبەڕێز فەرمانگەی داواکاری گشتیی لە سلێمانی دەکرێت بۆ کاری پێویست.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزيك پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176